# وڵامێک بە نووسراوەی هاوڕێیانی کەمینە لە ژێر ناوی "چاکسازی ڕێگایەک بۆ یەکگرتن و گەشەکردن"

لە مانگی ئاپریلی 2007 هێندێک لە هاوڕێیانی کومیتە ناوەندی کەمایەتیان ڕاگەیاند و پلاتفۆرمێک لە سەر ناوی "چاکسازی ڕێگایەک بۆ یەکگرتن و گەشەکردن" دایە بەر دەست ئەندامان و خەلکی کوردستان. لێرەدا ڕەخنەیەکی کورت لە هەلوێستی هێندێک لە هاورێیانی کەمینە بە جۆرەی نووسراوەکەی خۆیان هاتۆتە گۆڕێ.

باس کردن لە چاکسازی بە باوەری من بێ ئەوەی تەعریفێکی روونمان لێی بێت بەرەو پێش ناچێت. ئێمە جار و بار قسە لە چاکساز و کۆمەڵێک شت کە پەیوەندی بە چاکسازیەوە هەیە دەکەین بەڵام روانگەیەکی بەرابەر و یەک جورمان لەم باسەدا نیە. ئەو کەسانەی کە پێش رەوی چاکسازی لە بواری سیاسی دان وەلامێکی روونیان بەوەی کە چاکسازی چیە و ئەو کەسانەی خوازیاری چاکسازین نەداوەتەوە. لەم بوارەدا ئێمە کەمی بەحسی نەزەری مان هەیە و لەم سالانەی ئاخر دا شتێکی وەها روونمان لە سەر چاکسازی بە نوسراوە یان بە سیمینار و کۆبونەوە نەدیوە.

بەراستی ئێستاکە کاتی ئەوەیە کە برێک جوانتر بروانینە ئەم مەسئەلەیە و بیری لێکەینەوە. ئەوەیً کە من بتوانم لێرەدا باسی لێکەم، چاک سازی خوی لە سێ کردەوەدا دەبینێتەوە:

1. رخنەگرتن لە وەزعیەتی ئێستا و حەول دان بۆ تێپەربوون لەم وەزعە.
2. باوەرمان بێت و دلنیا بین کە دەگەین بە وەزعێکی باشتر.
3. دوور بوونەوە لە توند و تیژی، تێک هەڵچون و شەر و قسەیً ناخۆش

کەس یان کەسانێک خویان خستۆتە ئەم فازەی کە رخنەیان لە وەزعیەتی ئێستا هەیە. ئەگەر برێک دیدمان بخەینە دەرەوەی حیزبەکەمان و بە تایبەت ئوردوگاکانمان، بەراستی دەبینین کە مەسئەلەی چاک سازی لە ناو یەکیەتی نیشتمانی و پارتی و ئەحزابی دیکەی کوردی رۆژهەلات دا چونە و چۆن بەرێوە دەچێت. هەر هەمویان باوەریان بە چاک سازی هەیە. بۆ نمونە هەر دوو حیزبی سەرەکی کوردستانی باشور باس لە نەهێشتنی گەندەلی دەکەن و زۆر جار گوێیمان لێ بووە کە دەلێن ئەم دیاردەیە ناهێلین لە ناو دەم و دەستگاکان دا بمێنێ، بەڵام تا ئێستا چەندە لەم قسانە عەمەلی بووە؟ بەینەوە ناو حیزبەکەی خومان. لەم ماوەیەدا زۆر کەس بە نوسراوە و قسە زۆر شتیان بەرانبەر بە کۆمەڵە و تەنانەت کادری رێبەرایەتی نوسیوە و بە خەیالی خۆمان و لە زۆرتری نوسراوەکان دا دەلێن کە مەبەستمان لەم قسانە چاک سازی دەرون حیزبیە بۆ کۆمەڵەو تەنیا لە مەر بەرژەوەندی کۆمەڵە دایە، ئایا دەتوانین بڵێن کە ئەوانیش کەسانێکن کە خوازیاری چاک سازین؟ ئایا بەراستی هەموو ئەم قسانە دەکەونە چوار چێوەی چاکسازیەوە؟ رخنە لە وەزعیەتی ئێستا کاتێک دەچێتە نێو چوار چێوەی چاکسازیەوە کە بە کردەی تێپەربوون لەم وەزعە مونجەر بێت. ئایا هەر کردەیەک دەکرێ ناوی بنێی چاکسازی؟ ئاساییە کە وەلامەکەی مەنفیە.

باس لە رخنە گرتن لەو دۆخەی ئێستای ئێمە لە گەڵ دۆخێکی جوارجۆر و تایبەت رووبەروو دەبینەوە کە وەڵام دانەوە بەوان پەیوەندی بە کردەوەی عەمەلی ئێمە هەیە. بەڵام ئەگەر دیدمان لە چاکسازی،

ئیدۆلۆژیکی بێت و وەکوو پرۆژەیەک هەڵ سووکەوتی لە گەلدا بکەین کە سەرەتا و کۆتایەکەی روون بێت، دەبێ پانتایی ڕەخنە گرتنیشمان لە سەر ئەم روانگەیە لەوە پێش پێناسە بکەین. بەڵام ئەگەر چاکسازی وەک ڕێگا چارە، چاوی لێ کەین گرانیگا نە لە کۆتایی و نە لە سەرەتای پرۆژەکە ، بەڵکوو لە چۆنیەتی تێپەر کردنی ئەم ڕێگایەدا دەزانین. بە جۆرێکیتر لە چاکسازی لە روانگەی ئیدۆلۆژیک ئامانج بە تەواوی و رەها روونە و ئێمە دەزانین بگەێن بە کوێ و گرینگ گەیشتن بەو شوێنەیە، لە حالێکدا چاکسازی لە روانگەی رەویش، گرینگ چونیەتی گەیشتنە. لە ئەوەلیدا پانتایی رخنەکەمان، ئامانجمان روونی دەکاتەوە، لە دوومەی دا پانتایی بە ڕەخنە، ڕێگاکەمانە.

لە دەست پێکردنی پلاتفۆرمەکەدا سێ ووشە هاتووە یەکەم چاکسازی دووەم یەکگرتووی سێهەم گەشەکردن.

ئەوەیکە لەم پلاتفۆرمەدا بلاوبۆتەوە بە هیچ جۆرێک مەبەست لە چاکسازیان روون نەکردۆتەوە، چۆن هەوڵ بدەن کە یەکگرتووییمان پتەوتر کەن، باسی لێ نەکراوە. چۆن هەنگاو هەڵێنن بۆ وەی کە حورمەتی کەسایەتیەکان و ئەندامان نەشکێنین و بەرە گەشە کردن برۆن باسی لێ نەکراوە.

لە دوای چەند رەستە پلاتفۆرمەکەدا دەگەین بەم دێڕە کە نوسراوە " رەوتی ساخکردنەوە دەرفەتی بۆ کۆمەڵە خولقاند، بەڵام ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە نەیتوانی کەڵک لە هەموو ئەو دەرفەتانە وەربگرێ. راستە ئەم قسەیە بەڵام پرسیاری من ئەوەیە لە هاوڕێیانی کەمینە کە گەورەترین دەرفەت بۆ کۆمەڵە تەنانەت لە مێژووی 37 ساڵەی خوی دا خۆپیشاندانەکانی هاوینی 84 بوو. کاتێک کە تەواوی حیزبە کوردیەکان راگەیاندنی مانگگرتنیان دا دەرێ کۆمەڵە بە رەسمی رایگەیاند کە ئەوان لە گەڵ ئەم مانگگرتنەدا نین و پشتیوانی لێ ناکەن و خەتی سووریان بە سەردا هێنا. ئایا کێ بوو ئەم بریارەی دا؟ کێ سوور بوو لە سەر ئەوەی کە کۆمەڵە بە هیچ شێوەیەک نابێت کەڵک لەم هەڵە وەرگرێ و نابێ پاڵپشتی بکات؟ بۆ خۆشەویستانی کەمینە خۆیان لەم هەڵە مێژوویە شاردۆتەوە و لە خۆیان ڕەخنە ناگرن؟

دوا بەدوای ئەم دێڕە چەند پرسیار دێتە گۆرێ کە" بۆ چی لە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا لە ناوەوە و دەرەوە، نۆێبونەوە و گەشە کردنی پێویست نەهاتە دی؟ بۆ چی راگەیاندنی ئێمە لە رادەی پێویستدا نەچووەتە پێش و... نارێکخراو و ناسەقامگیرە؟" دوا بە دوای ئەم پرسیارە هەر چی چاو لە نوسراوەکەیان بکەین بە راستی خۆشیان وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە و نەیان گوتوە کە بۆ چی وایە و چی بکەین و چ ڕێگایەک بۆ ئەوەی ئەم ئەرکانە بە جوانی برۆنە پێش بکەێن. دواتر دیسان هەر لە خوار لاپەرەی یەکەم دا هاتووە کە بۆ چی بەو هەموو دەسکەوتانە کە کۆمەڵە لە بزوتنەوەی ژناندا هەیەتی، ئێمە لە کاری ئێستامان لەو دەورەیەدا ناتوانین رازی بین؟ خودی ئەم دێڕە و ئەم پرسیارە دژ بە یەکە. ئەگەر کۆمەڵە لەم لە بزووتنەوەێ ژناندا دەستکەوتی زۆری بە دەست هێناوە ئیتر بۆ دەبێ ڕەخنەی لێ بگرین و بڵێین وا نابێ و وا دەبێ!

لە لاپەرەی دوو دا ئەم دێڕە دێتە بەر چاو کە" هەر وەها ئەوە دەرکەوت کە بەشێک لە هاوڕێیانی ئێمە تێگەیشتنێکی دیکەیان لە سیاسەتە راگەیاندراوەکانی کۆمەڵە هەیە...". بۆ چێ هاوڕێیانی خوشەویستی کەمینە بە راشکاوی باسی چۆنیەتی ئەو هاوڕێیانە لە تێگەیشتنی سیاسەتی کۆمەڵە دەرنابڕن؟ ئەم تێگەیشتنەی ئەوان چۆنە؟ ئەو هەمووە دەڵێن کە دەبێ بەندی یەکی ئەساسنامە بگۆردرێ بۆ هیچی لێ باس نەکراوە لەم پلاتفۆرمەدا؟ ئەوەێ لە ناو پلاتفۆرمەکەدا هاتووە تەنیا و تەنیا خۆی لە ناو جیاوزی شێوەی کار دا دەبینێتەوە نەک جیاوازی لە خەتی سیاسی کۆمەڵە.

له لاپەڕەی دوودا له بەشی بواری ڕێکخراوەیی دا دێڕێک هاتووه که بەم جۆرەیه. " هەلومەرجی دیکتاتۆری له ناو خۆی ئێران و وەزعی سیاسی ناوچەکە، نەیهێشتووه پڕ به پڕ ببینه حیزبی وەڵام دەرەوەی ئەرکەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان. ئەم دێڕه خۆی وەلامی خۆی داوەتەوه. بەم جۆره که ئێمه بۆ نەبوینەته حیزبی وەڵام دەرەوەی ئەرکەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان؟ وەڵامەکەی ئەوەیه که چونکه هەل و مەرجی دیکتاتۆری له ناوخۆی ئێران و وەزعی سیاسی ناوچەکه نەی هێشتووه!!

دواتر هەر به دوای ئەم دێڕانەدا هاتووه که کۆمەڵه دەبێ لەم بوارەدا ڕەچێشکێن بێ و بۆ ئەو مەبەسته دەست بداته هاوکاری له گەڵ حیزبەکانی دیکه. پرسیاری من ئەوەیه چۆن کۆمەڵه دەست بداته هاوکاری له گەڵ ئەحزابی که؟ ئایا مەسئەلەی بەره هەر ناچێته ناو ئەم هاوکاریانەوه؟ ئەی له سەرەتای ساغ کردنەوەی کۆمەڵەوه تا ئێستا کۆمەڵه ئەو هەمووه بانگەوازی بەرەی کردوه وه زۆرتری هاوڕێیانی کەمینەش بەشداری ئەو کۆبونەوانه بوون که بۆ بەره ساز دراوه. ئەی ئەوانه چین؟ ئەی هەوڵ دان بۆ پێک هێنانی بەره وەڵامدەرەوەی کام نیازه؟ دەست دان به هاوکاری له گەڵ حیزبەکانی دیکه ئەگەر بەره نیه، ئەی چیه؟ دواتر پرسیار ئەوەیه که بەره بۆ مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی کەم کۆرییەکانی کۆمەڵه هاتۆتەکایەوه یان به مەبەستی به هێز کردنی حیزبه کوردیەکان بۆ بەرەنگار بوونەوه له گەل ڕژیمی کۆماری ئیسلامی؟

دواتر هاتووه که " پلانی داهاتووی کاری ڕێکخراوەیی خۆی له هەموو بوارەکاندا به شێوەی سەرەکی بۆ چارەسەری ئەم گرفته تەرخان بکات. " پرسیار: پلانی داهاتووی ئێوه بۆ حەلی ئەم کێشەیه چیه؟ بۆ هیچ بەرنامەیەکی خۆتان بۆ حەلی ئەم کێشەیه باس نەکردووه؟ ئایا ئەوه ناگەیێنێ که تەنیا قسەی لێ دەکەن، بەلام له عەمەل دا پلانێکتان بۆی نیه؟

له بەندی 1 لاپەڕەی 3 دا هاتووه که " ئێمه خوازیاری ئەوەین که کومیته حیزبییه هەڵبژاردەکان، له هەموو ئەو ماف و دەسەلاتانه بەهرەمەند بن که پێڕەوی ناوخۆ پێیان دەبەخشێ. لێره برێک بوەستین و چەند دێڕێک له گەڵ هاوڕێیان کەمینه بدوێین. کومیتەی سکاندیناوی خۆی به لایەنگری کەمینه دەزانێ. له مانگی 4 ساڵی 2006 کۆنفرانسی نۆرویژمان له ئۆسلۆ گرت. بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی نۆرویژ هەڵبژاردنمان کرد. 5 کەسمان هەڵبژارد و بوون به کومیتەی نۆرویژ. کاک هێرش علیزاده بەرپرسی ئەم کومیتەیەیه. کاک هێرش دوای مانگێک زەنگ بۆ بەرپرسی کومیتەی نۆرویژ لێدەدا و دەڵێ ئێمه ئەم کومیتەیەمان به دڵ نیه و هەوڵ دەدەن تێکی دەینەوه! واشیان کرد. ئەگەر ئێوه باوەرتان بەم دێڕەی خۆتان هەیه که نابێ کەس دەست تێوەردان له ناو کاری کومیتەکان و هەڵبژاردەکان بکات ئەی هاوڕێیانی کومیتەی سکاندیناوی که بەردی کەمینه له سینگ دەدەن، بۆ کردیان؟ له کوێی پێڕەوی ناوخۆ هاتووه که ئەگەر کومیتەی سەرەوه تەنیا له بەر ئەوەی حەز به کومیتەی خوار خۆیەوه نەکات دەبێ لاچێت و تێکدرێ؟ له کۆبوونەوەێ ئەندامانی نۆرویژ به بەشداری زۆرینەی ئەندامانی کومیتەی سکاندیناوی له زستانی 2005 دا کاک هێرش، بەرپرسی کومیتەی سکاندیناوی رایگەیاند که ئەگەر کومیتەیەک هەڵبژێردرا و له فیلتێری ئێمه ڕەد نەبێ ئەو کومیتەیه هەڵدەوەشێنینەوه. ئایا فیلتێری ڕەدی سەلاحیەت له پیڕەی ناوخۆ دا گونجاوه؟ ئایا  ئەم کارانەی هاوڕێیانی کەمینه چۆن هەڵدەسێنگێنن؟ چۆن پاساوی بۆ دێنەوه؟

دواتر له بەندی 2 باس لەوه دەکەن که "دامەزراندنی خەت و کەرت و کومیته حیزبییه نهێنییەکان له شار و ناوچه و مەڵبەندەکانی کوردستان، به جۆرێک که بکرێ پێوەندی بەردەوامی خۆیان له هەر حالێکدا له

گەڵ ناوەندی کۆمەڵە ڕابگرن." دەکات، بەڵام هەر روونیان نەکردۆتەوە کە مەبەست لەم دێڕە چیە. یەکەم پرسیار کە دێتە مێشکەوە ئەوەیە کە کومیتە حیزبیە نهێنییەکان چیە و مەبەست لە دامەزراندنی خەت و کەرت چیە؟ ئایا مەبەست ئەوەیە کە تەشکیلات نهێنی بکا بە حیزبێک کە بۆ خۆی لە ناوەوە کاری خۆی بکات و جار جاریکیش راپۆرتی کارەکانیان بدەن بە کومیتە ناوەندی و دەستورالعمەلەکەیان لە ناوەندی کۆمەڵە وەربگرن؟ وەکوو پەیوەندی پژاک لە گەل پ.ک.ک؟ دواتر چۆن دەتوانی لە هەر حاڵەتێک دا ئەم پەیوەندیانە رابگری؟ چۆن دەتوانی ئەم زەمانەتە ئیجراییە دانیی کە بەم شێوەیەی کە دیار نیە لە ناو پلاتفۆرمەکەدا بتوانی لە هەر حاڵەت و شەرایەتێکدا بەردەوام ئەم پەیوەندیانە لە گەڵ ناوەندی کۆمەڵە نەپچڕێ؟ پێم وابێ هاوڕێیانی کەمینە لە بیریان چۆتەوە کە ئێمە لە ناو خاکی عێراق داین و لە زێرگۆیژەڵە دەژین. ئەگەر یەکیەتی نیشتمانی برێک لێمان لە بەهانە بێت و مەرز توند بگرێ ئەو کات چی دەکەین بۆ بەردەوامی ئەم پەیوەندیانە؟ ئەگەر مەبەست ڕێگای ئینتێرنێت و تەلەیفوونەوەیە، چۆن دەتوانی لەم ڕێگایانەوە ڕێبەری ئەم حیزبە نهێنییە بکەی؟ خۆ ئێستاش کێشەی تەلەیفوون و ئینتێرنێتمان هەیە و نەمان توانیوە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین.

چەند دێڕ خواتر دەگەین بەم دێڕە لە ناو چۆنیەتی بەڕێوە بردنی کاری زاگرۆس و دەڵێن کە" دەبێ لانی زۆر 6 مانگ بۆ بەرێوە چۆنی ئەم کارانە تەرخان بکرێ و کەسەکان بەرپرسیار لە کومیتە ناوەندی بن." پرسیار ئەوەیە کە بۆ ماوەی 6 مانگ؟ پرۆسەیەکی ئاوەها گەورە کەی دەتوانێ کۆمەڵە بە ماوەی 6 مانگ، جێ بە جێی کات؟ دواتر دەڵێن دەبێ ئەو کەسانەش کە بەرپرسی کاری زاگرۆسن شارەزاییان هەبێ لەم بوارەدا؟ بۆ ئێستاکە نیانە و ناوتوانن؟ بۆ ئستا بەپرسی تەشکیلاتی زاگرۆس لە کومیتە ناوەندی نیە؟ شارەزا نیە؟ دواتر ئەوە گریمان واش بوو. ئایا ئیمکاناتی ئێمە لەو ئاستەدایە کە بتوانین پرۆژەیەکی ئاوەها گەورە وەرێ بخەین ؟ دیسانەوە چ زەمانەتێکی ئیجرایی هەیە ؟ ئەگەر هات و ئەو پرۆژە شکستی هێنا و زۆربەی ئەندامانی تەشکیلات نهێنیمان کەوتنە گرتووخانەوە و ئیعدام کران، کێ وەلامدەرەی ئەم شکستە دەبێت؟ ئەو کات چۆن بتوانین ئەم تەشکیلاتە ساخ کەینەوە؟ ئایا ئەوە کایە کردن بە گیانی هاوڕێیانی تەشکیلات نهێنیی نیە؟

لە کۆتایی لاپەرەی 3 دا باسی پێشێل کردنی بنەماکانی کاری نهێنی کراوە. پرسیارێک لە هاوڕێیانی کەمینە! ئایا ئەم باسە سەبارەت بە تەشکیلاتی نهێنی لە ناو پلاتفۆرمەکە ناچێتە ناو خاڵەکانی نهێنییەکانی حیزبیەوە؟ بە دڵنیایەوە وەلام موسبەتە، بەڵام ئەی بۆ درکانتانە دەرێ و نهێنپارێزیتان نەکرد؟

لە سەرەتای لاپەرەی 4 هەر بە دوای باسی تەشکیلات نهێنی هاوڕێیان کەمینە داوا دەکەن کە " کۆمەڵە دەبێ قورسایی و بەشێک لە بینا حیزبییەکەی بە بەرێوەبەرایەتیی مەیدانییەوە بگوێزێتەوە ناوەوەی کوردستانی رۆژهەڵات." هاوڕێیانی کەمینە، چۆن ئێوە دەتوانن بەرنامەیەک دارێژن بۆ وەێ بەشێک لە بینا حیزبیەکان بگۆزنەوە ناو کوردستانی رۆژهەڵات؟ کام ناوچە دەتوانن رزگار کرێ و لەوێ سەقامگیر بن و بەشێک لە بەرێوەبەرایەتیش لەوێ دا بەرێوە بەرن؟ ئەوە نیە خۆتان لە کوتایی لاپەرە 3 دا ئیشارە بەوە دەکەن کە مەترسی پێشێل کردنی بنەماکانی کاری نهێنی هەیە!؟ جگە لەوانە ئایا واقعیەتی ئیمکانات و کادر و ئیمکاناتی مادیەکان و پێشمەرگەکانمان لەو ئەندازەیەداهەیە؟ ئایا ئەم کارانە بودجەیەکی زۆری ناوێت؟ چۆن ئەم بودجەیەی بۆ تەرخان دەکەن؟ چۆن دەتواندرێ حیزبێک بەشێکی لەم دیو بێت ، بەشێکیتری لەودیویتر بێت؟ چۆن ئەوانە دەتواندرێ بەردەوام و لە هەر حاڵێکدا پێکەوە پەیوەندیان بێت؟ چۆن دەتوانی لە ناوچەی رزگار کراو دا بەرەناگری لە موشەکەکانی شهابی 3ی ئەم رژیمە کەی؟ ئاخە کوا واقعیەتی دونیا و بە تایبەتی ناوچەکە و ئێرانی ئێستا ئەوە هەڵ دەگرێ؟ ئێمە لە ساڵەکانی 66 و 67

وە لە ناوچەکانی خومان بنکەمان نەبووە و نەمانتوانیوە لەوێ بمێنینەوە ، بائەوەی کە ئەو کات رژیم لە گەڵ ئێراق شەری دەکرد، با ئەوەی کە ئەو کات ئیمکاناتی نزامی رژیم بە قەت ئێستا نەبوو، با ئەوەی کە ئەو کات رژیم موشەکی شهابی 3ی نەبوو. ئەگەر دەڵێن ئەی چۆنە پڕاک لە قەندیل ماوەتە و موشەکەکانی شهابی 3 شی لێ نەکەوتووە، دەبێ بڵێم هەر هەموومان شکمان لە پڕاکە و بە گۆمانەوە دەروانینە پڕاک. دواتر ئەوە قەندیلیش لە دەست پڕاکە. خۆ ناتوانین بچینە ئەوێ.

لە بەندی 3 دا لە لاپەرە 4 پلاتفۆرمی هاوڕێیانی کەمینەدا هاتووە کە " پێویستە بە روونی رابگەیەندرێ کە گرووپبەندیی سیاسی و کەمایەتی ناو کۆمەڵە مافی خۆیانە ئازادانە دەنگیان دەربرن." ئەوەی کە ئێمە دەیبینین زۆر زۆر زیاتر لەئەندازەش مافی ئازادی دەنگ دەربرینتان پێ دراوە. ئەوە نیە بە بێ گوێدان بە کومیتە ناوەندی تەواوی سایەتەکانتان بە بابەتەکانتان رازاندۆتەوە! ئەوەنیە بە ئاشکرا لە هەموو شۆنێک دا باس لە کەمایەتی خۆتان و بیر و راکانتان دەکەن. ئەوەنیە تا ئێستا کومیتە ناوەندی دەیان جار بانگەوازی ئەوەیان لێ کردوون کە بێن و سیمینار و کوبونەوەی ئاشکرا بگرن با هەموو ئەندامان گوێی لە بۆ چونەکانتان بێت! ئیتر چی کە ماوە بۆ دەربرینی ئازادی دەنگتان؟ ئێوە خۆتان با ئەوەی کە کەمینەن لە زۆر شوێن دا دەنگی هاوڕێیانی زورینەتان کپ کردوە و ناهێلن بە هاستم قسەیەک بکەن. ئەوە بە تایبەت لە مەڵبەندی سکاندیناوی بە ئاشکرا دەبیندرێ. بۆ نمونە راپۆرت و نوسراوەکانی کومیتەی نۆرویژ و زۆرتری ئەندامانی ئەو وڵاتە، کە بە هیچ جۆرێک کومیتەی سکاندیناوی بۆیان بلاو ناکاتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە نامەی لیلا محمدی سەبارەت بە ڕەخنە گرتن لە نامەی دەفتەر سیاسی بۆ ئەندامان بۆ مەسئەلەی ڕێبوار رشیدیان 3 جار بۆ هەموو ئەندامانی نۆرویژ بەرێ کرد. نامەی قەرەنی قادریان کە کابرایەکی دژ بە کورد و بزوتنەوەی کورد بۆ هەموو ئەندامانی سکاندیناوی بلاو کردەوە. ئەم مافە کێیە زەوتی کردوە؟

لە کۆتای بەندی 3 دا دەلێن کە " لە هەمان کاتدا ئەرکیانە هەموو دیسیپلینی حیزبی بپارێزن و چالاکانە لە ئەرکەکانی کۆمەڵەدا بەشدار بن." ئەی بۆ نابن؟ ئەی بۆ هاوڕێیانی کەمینەتان لە وڵاتی نۆرویژ بانگهێشت کردوە بە هیچ شێوەیەک بەشداری کۆبونەوەکانی ئەندامان لەو وڵاتانەدا نەبن! پێتان راگەیاندوون کە بەشداری هیچ مەراسمێک مەبن با بزانن کە ئەگەر ئێمە نەبین ئەوان ناتوانن کارەکان بەرێوە ببن! ئەوە دیسیپلینی حیزبێکە کە ئێوە و لایەنگرانی ئێوە لە کومیتەی سکاندیناوی بەرێوەی دەبن! یەک ساڵە ئەو هاورێیانە بە فەرمانی کومیتەی سکاندیناوی لە هیچ بۆنەیەکی رەسمی و غەیرە رەسمی لەو وڵاتەدا بەشداری ناکەن و تانەت یەکیشیان ئەوەندە چۆتە پێش بۆ بەرێوە بردنی ئەم فەرمانەی کومیتەی سکاندیناوی کە بە بەرپرسی کومیتە نۆرویژ دەڵێ ئەگەر داڵ و قەل و مشک و مریشک بم خوا نایەمە ناو کۆبونەوەکانی کۆمەڵە! ئاوا دەتانەوێ بەرە و حیزبێکی جەماوەری هەنگاو هەڵێنینەوە و ببین بە حیزبێکی موستەقەر و جێگیر لە ناوەوەی کوردستان؟ ئەوەیە ئەو بانگەوازی ئێوە بۆ هاوڕێیانی لایەنگری کەمینە کە بە. شێوەیە چالاک بن لە ئەرکەکانی کۆمەڵە؟ بۆ رۆژی کرێکار ( ساڵی 2006 ) مەراسێکمان گرت. کومیتە سکاندیناوی بە کومیتەی نۆرویژی را گەیاند کە ئێوە بۆتان نەبووە ئەم مەراسمە بگرن. هاورێیانی کومیتە سکاندیناوی چیتان بە سەر کومیتەی نۆرویژ نەهێنا؟ چۆن خەڵکیان هان دەدا کە شکایەت لە کۆمەڵە و کومیتەی نۆرویژ بکەن لە سەر چەند وێنەیەک کە لەو مەراسمەدا گیرا بوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە تەواوی وێنەکان ناردابووە سەر مایلی کومیتە و هیچ وێنەیەک کە بشاردرێتەوە تێیدا نەبوو.لە بەر چی؟ بۆ چێ؟ بەڵام کومیتەی سکاندیناوی بۆ چی بەرخودتان بە کەسەکانی خۆتان نەکرد

که ئەم وێنانەیان ماڵ بە ماڵ گێرا بوو و زۆر قسەی سەیر سەیریان کرد بوو کە ئینسان روو گێرانەوەشی نیە. لە بەر کام بەرژەوەندی دا بوو؟
لە بەندی 4 ، لاپەرەی 4 دا هاتووە کە " لە کێشەی ناوخۆییەکانی کۆمەڵەدا، ئێمە تەکید دەکەین لە سەر پێویستی دیالۆگی هاورێیانە(!)، مەودادان بە رخنە گرتن(!)، لێپرسینەوە(!)، لێکتێگەیشتن(!)... لە حاست یەکتر." ! بەراستی دێرێکی زۆر جوانە کە بە ووشەی جوان رازاوەتەوە. بەڵام لە مەیدانی عەمەل دا چی؟ هەر بەم جوانیانەی ئەم ووشانە کە بە کارتان هێناوە، کەڵکی لێ وەردەگرن؟ لە ماوەی ئەم یەک ساڵ و نیوە کە کێشەکان قول بوتەوە کامتان هاتن و بە دیالوگی هاورێیانە قسەکانتان کرد؟ کام جار کومیتەی سکاندیناوی هاورێیانە وەلامی رخنەی ئەندامانی و کومیتەی نۆرویژی داوە؟ کام جار هاتن و لێپرسینەوەتان لە حاست کەسانی خەتاکار کرد؟ بۆ نامەی نسرین سولتانی چیتان بە ئەندامانی نۆرویژ نەکرد و بە بێ ئەوەێ بەڵگەیەکتان بێت و هەر چونکە بەرپرسی کومیتەی سکاندیناوی حەزی بە چەند کەسێک نەدەکرد، تاوانەکەی دابووە پاڵ دوو سێ کەسێک و فشاری بۆ بەرپرسی دەرەوەی وڵات دێنا کە دەبێ دەر ئەو کەسانە دەر کرێن! ئەی بۆ بۆ نامەی " لە کۆوە بۆ کۆێ" هەر ئۆو هەلوێستەتان نەبوو لە حالێکیش دا بۆ خۆتان بۆش تان بلاو کرد بووە و بە مەدرەک نیشانیان دان کە ناردوتانە بۆ کەسانی تر. ( ئەو نامەیە یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی سکاندیناوی نوسی بووی کە لەو نامەیەدا بە ئاشکرا حورمەتی چەند کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە لە ولاتی نۆرویژی شکاند بوو وە بە ئاشکرا قسەی ناحەز و سووک بە کۆمەڵە و ئەو چەند ئەندامە دا بوو." ئایا وەڵامتان هەر ئەوە نەبوو کە ئەو کەسانە ساختەکەرەوەی کۆمەڵەن و ئێمە بە هیچ شێوەیەک حازر نین بەرخوردی پێ بکەین؟ هەر ئەوە بوو بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسەی بە ساختەکەرەوەی کۆمەڵەتان دانابوو، بۆ کابرای عێراقی، تەئیدیەی کۆمەڵەیان پێداو دواتر کاتێک لە ئێرانەوە گەراندیانەوە بۆ نۆرویژ، حکومەتی ئەو ولاتە زانی کۆمەڵە درۆی لە گەڵ کردون و ئێتساکەش هیچ تەئیدیەکی کۆمەڵەێ قەبوول نیە! ئەی بۆ هیچتان پێ نەگوت؟ هەر چونکێ پشتیوانی لە ئێوەی ئەندامانی کومیتەی سکاندیناوی دەکرد؟ ئەوە زەرەری کۆمەڵەی تێدا نەبوو؟ ئەوە لە بەرژەندی گشتی کۆمەڵە دا بوو یان لە بەرژەوەندی شەخسی؟ ئەوەیە لێپرسینەوە و رخنە گرتن و دیالۆگی هاورێیانە؟!
کاک رەزا کەعبی کە دەلێ کمویتەی سکاندیناوی لە حاست ئەندامانی نۆرویژ هەڵەی کردووە ، ئەی بۆ پێشیان پێ ناگرێ؟
لە سەر دێری دووەمی هەر ئەم بەندە دا هاتووە کە " ئێمە پێمان وایە پەنا بردن بۆ ئامرازی دەسەڵاتی حیزبی بۆ چارەسەری گرفتی ناۆخۆیی... تەنیا تواناییەکانمان بە فیرۆ دەدا."! دروست کارێک کە بۆ خۆتان کردوتانە بە لایانێکی تری نیسبەت دەدەن. چۆن؟ مزانن ئەو کەسانەی کە تا ئێستا لە ماوەی ئەم یەک سالەدا دەر کراون لە سەر چی بووە؟ لە لایان کێوە بووە؟ کێ بوو کە بە زۆر دەیویست رزگار ( ئیبراهیم) کۆنەپۆشی و ناسر سۆفی و کەیوان فەتحی و هوشنگ یۆنسی لە ناو کۆمەڵە دەرکات و کێ بوو کە دەیویست کاک قادر زرداسەر و کاک همزە چابۆک لە ناو کومیتەدا دەر بکات و کێ بوو دەیویست نۆێنەری کۆمەڵە لە پارلمانی نۆرویژ بە شەق دەرکات؟ ئایا ئەندامانی نۆرویژ لە 18 ئەندامی ئەو کات ( سالی 2005 ) 13 کەس بێ ئەوەێ نێوی کەس بێت و ئیشارە بە کەس بکەن، نامەیەکیان نەنووسی روو بە کومیتەی سکاندیناوی و کاک رەزای کەعبی ( نۆێنەری ئەو کاتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ) و داوایان لێ کردن کە پێش بە مەحفەل بازی و دەستە بازی بگرن؟ ئایا کاک رەزای کەعبی لە وەلام بەم داواکاریە، نەی گوت کە 13 سەهڵە ئەگەر 13 هەزار کەسی ئاوا نامە بنوسێ لای من پوشێکی ئەرزش نیە؟ بۆ ئەو 13 کەسە ئەندامانی کۆمەڵە نەبوون؟ خۆتان نەتانکردبوونە ئەندام؟ داواکاریەکەیان

چی بوو کە ئەوە وەڵامی بێت؟ چۆن بە ئەندامی کۆمەڵە دەڵێن پووش؟ ئەویش لە لایان ئەندامی دەفتەر سیاسی و نۆێنەری دەرەوەی کۆمەڵە! ئەوەیە چاکسازی و یەکگرتووی و گەشەکردن؟ هەک چەند عەیبە!(؟) ئەی چۆنە خۆتان لە تەواوی ئەم ئەبزارە قودرەتانە کەڵکتان وەرگرتووە بەڵام ئێستا وەها لێرە باسی دەکەن کە ئینگار نە ئینگار خۆتان بە تەواوی وجودەوە تێدا بەشدار نەبوون! لە درێژەی ئەم دێڕەدا هاورێیانی کەمینە نوسیوویانە کە " ئێمە رەخنەی جیددیمان لە سیاسەتەکانی ئەم دەورەیەی لایەنێک لە رێبەرایەتی کۆمەڵە هەیە کە هەوڵی دا بە کار هێنانی ئامرازی دەسەلاتی حیزبی وەڵامی گرفتەکان بداتەوە و بەشێک لە تەشکیلات بداتە بنباڵی خۆی و چاوپۆشی لە خەتاکانی بکا و بەشێکی دیکەی وەک نەیار چاو لێبکا." ئەوە عەینی رخنەی ئێمەیە لە هاورێیانی کەمینە و بە تایبەت لایەنگرانی کەمینە لە مەڵبەندی سکاندیناویە. من لێرەدا چەند نمونە دێنمەوە بۆ وەی نیشان بدەم کە ئەم دێڕە جوان و رازاوانە چۆن بە پێچەوانەوە هاورێیانی کەمینە بە تایبەت لە مەڵبەندی سکاندیناوی بەرێوەی دەبەن. هاورێیانی کەمینە ئایا کاک ئەبووبەکری مودەررەسی لەم ئەبزارە کەلکی وەرگرت لە دژ ئەندامی کومیتەی سکاندیناوی کە ووشەی دەست ناپاکی بۆ بەکار هێناو وگوتی کە "دەستی ناپاکی ئەبوی مودەرسی کەوتۆتە سەر تەشکیلاتمان و ئەو کابرایە ئێستا خۆی ساخ نەکردۆتەوە لە ناو کۆمەڵەدا"؟. ئایا ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی نۆرویژ ئەم دێڕەیان بەرانبەر بەئێوە بەکار بێنایە چیتان بە سەر دێنا. بە دڵنیایەوە هەر ئەو کەسەشتان دەسووتاند. دواتر ئایا دیسان کاک ئەبووبەکەر مودەررەسی نەی دەتوانی کەڵک لە ئەبزاری تەشیکاتی وەرگریَ بۆ ئەو کردەوە ناشیرینەی وا شیخ حامد کونەپوشی لە کۆنفرانسی دووی سکاندیناوی بەرانبەری کرد ؟ وە سێهەم ئایا دەفتەتر سیاسی نەیدەتوانی کەڵک لەم ئەبزارە وەرگریَ سەبارەت بە کاک ناسر حیسامی بە بۆنەی ئەوەی کە بیَ حورمەتی بە هەموو ئەندامانی سکاندیناوی لە کۆنفرانسی دووی ئەم مەڵبەندەدا روو بە کاک ئەبووبەکر کردی و سیَ جار بە دەنگی بەرز هاواری کرد کە ئەگەر کۆمەڵەم شێواندبیَ ناهێلم ئەم لۆپێنانە ئاوە بە دڵی خۆیان کۆنفرانس بگێرن؟ ئایا کاک ئەبووبەکر کەلکی لەم ئەبزارە وەرگرت کاتێک، هاورێیان ناسر حسامی و سعید سرهنگی وهێرش علیزادە لە کۆبونەوەیەکی ناوخۆی لە ولاتی نۆرویژ ویێلاگی کۆمەڵەناسیان خستە پالی و گوتیان ئەوە کاری کاک ئەبووبەکری مودەررەسیە بە هاوکاری رزگار کۆنەپۆشی و ناسر سۆفی؟ بەڵام ئێوە کە رخنە لەوە دەگرن زۆرینە کەڵک لە ئەبزاری تەشکیلاتی وەردەگریَ بۆ حەزفی ئەندامانی مۆعتەرز دەبیَ بڵێم دەیان مەورێد هەیە کە هێندێک لەو کەسانەی خۆیان بە لایەنگری خەتی کاک عمر ایلخانیزادە و کاک رەزا کعبی دادەنێن و خۆیان بەوانەوە چەسباندووە، هەتا بتوانن و پێیان بکریَ هاورێیان موعتەرز دەر دەکەن و ئەگەریش نەیانتوانی هەموو هەولی خۆیان دەدەن کە بە هەر شێوەیەک بێت حورمەتی ئەندامەکە بشکێنن لە ناو کۆمەڵە و تەنانەت لەدەرەوەش. بۆ نمونە چاو لە وەڵامی هاورێیانی کومیتەی سکاندیناوی بکەین کە بۆ کاک عبدلله نوسیوویانە و دەلێن: " ئەگەر ئێمە داوای ئیخراجی ئەندامێکمان کرد کە لە هەمانکاتدا کە نۆێنەری کۆمەڵە بووە، بۆ کاری شەخسی هاتوچۆی سەفارەتی ئێرانی کردووە! هەمان ئەندام بە ئیسپاتی تەکنیکی نووسراوەی پڕ لە ئیتهامی دژی کۆمەڵە بۆ کوردستانپۆست و سایتی کۆمەڵە ناسی ناردوە ئەگەر.. " بە پێی چ قسە و بنەمایەک تۆ کە بەرپرسی مەڵبەندێکی نامەی ئاوەها بۆ هەموو ئەندامان دەنێری و حورمەت شکێنی دەکەی و کەسیش هیچت پیَ نالیَ. کەی ئێوە توانیتان ئەم مەسئەلەیە بە ئسپاتی تەکنیکی بگەیێنن؟ خۆ ئێستاش لە بیرمان نەچۆتەوە کە چۆن پرۆپاگەندەتان بلاو کردبووە و وەعدەتان بە دۆستانی خۆتان دا بوو کە لە بەر ئەوەی دڵیان راگرن ئەو کەسە لە کۆنفرانسی نۆرویژ حوکمی ئیخراجە دەدەینە دەست و بۆ هەمیشە لە کۆمەڵە دەری دەکەن. ئەوەیە یەکریزی راگرتن؟ ئێوە ککە بەرپرسی مەڵبەندێکن لە جیات

ئەوەی هەولی بۆ پتەو کردن و ئینسجام بدەن ، لەو ماوەیەدا تەنیا و تەنیا هەوڵتان دا ئەندامان لە نۆرویژ تێکبشکێنن تەنیا لە بەر ئەوەیٚ وەک ئێوە بیر ناکەنەوە و وەک ئێوە کار ناکەن. ئەوە لە حالێکدا بوو کە ئێوە تەنیا بە ئسپاتی خۆتان گەیاند. کەی ئێوە توانیتان سابتی کەن کە ئەو هاوڕێە چووە بۆ سەفارەت؟ هەموو ئەندامانی ئەو مەڵبەندەی کە ئێوە باس لەو هاوڕێە دەکەن چاک دەزانن کە بنەمایی نیە ئەم قسانە. لەم چێشنە کارەمان دیسان دیتەوە کە ویستان بەرانبەر رزگار کۆنەپۆشی بیکەن. بە دۆستانی خۆتان گوت بوو کە دەبیٚ رزگار دەرکەین و چونکە زۆر دژایەتی کارەکانمان دەکات و بەرانبەرمان وێستاوە، بەڵام لە بەر ئەوەی نەکا لە مالپەرەکەمان ( مالپەری کومیتەی سکاندیناوی ) شتێک بە دژمان بنوسیٚ لە پێش دا مالپەرەکەی لیٚ دەستێنین دواتر دوای دوو رۆژ دەری دەکەین. بەرێزان ئەم شتانەمان قەت لە بیر ناچێتەوە. ئەوەیە کاری کومیتەی سکاندیناوی بۆ هەول دان بەرەو پێش چون و یەکگرتوویی. ئەی باشە بۆ کاتێک زۆرتری ئەندامانی نۆرویژ، کومیتەی سکاندیناویان ئاگادار کردەوە کە فلان کەس هاتوو چوی سەفارەت دەکا و بە شاهیدی عەینی و زیندوو ( وەکوو ئێوەش شاهیدەکەتان نەمردبوو ) گوتان بوختانە و نابیٚ لە هیچ کوێ باسی لیٚ بکەن! کاک هێرش علیزادە لە کۆتایی کۆنفرانسی دووی سکاندیناوی هاتوو لە رزگار ( ئیبراهیم ) کۆنەپۆشی و کەیوان فەتحی و ناسر سۆفی و مەنسوور سۆفی مەعزەرەت خواهی کرد و پێی بەوە دانا کە ئیشتیبای کردوە و تەنانەت ئەوەشی بە من گوت کە ئێوە کەوتوونەتە نێو داوی دەفتەر سیاسی! ( تۆ بلێی ئێمە چەندە گرینگ بین کە دەفتەر سیاسی داوی بۆ ناینەتەوە و بە کردەوە و مێشک دەرەقەتمان نایا!؟) ئەم دێرە لە زمان کەسێک دێتە دەر کە بەرپرسی مەڵبەندی سکاندیناویە! بەڵام هەر دوو رۆژ دوایی تەواو بوونی کونفرانسەکە دیسان هەمان ئاش و هەمان کەوچک! دیسانیش کاک هێرش علیزادە و دۆستانی کەوتنە ململانەیەک لە گەل کومیتە و ئەندامانی نۆرویژ کە ئێستاش جار جار لە ناو نامەکانیان دا بە روونی دیارە و حورمەتی کەس راناگرن. کاتێک کە لە گەڵ کاک رەزای کەعبی لە کوردستان قسەم دەکرد، خۆیی بە منی گوت کە کومیتەی سکاندیناوی لە بەرانبەر نۆرویژدا هەڵەی کردوە و دەیکات نابیٚ وا بیٚ، بەڵام تا ئێستاکە کاک رەزا هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆوەی ئەم هاوڕێیانە هەڵەکانیان راست و کەم کەنەوە. بۆ چی؟ ئایا ئەم پرسیارە نایەتە نێو مێشکمان کە تۆ بلێی تەنیا لە بەر بەرژەوەندی شەخسی نەبێت؟ لە پێشدا خۆتان ئەم کارانە مەکەن و پایبەندی ئەم ووشە جوانانەی خۆتان بن، جا ئەو کات بانگەوازی بۆ بکەن. بە دڵنیایەوە نەک هەر هاوڕێیانی کەمینە هەر هەموو تەشکیلات لەو بروایەداین کە ئەو رەفتارە نەک کەلەبەرەکان کەم ناکاتەوە، بەلکوو گەورەتریشیان دەکات و بەم جۆرە توانایەکانی کۆمەڵە بە فیرۆ دەدا.
لە بەندی 7 ، لاپەرەی 5 ی پلاتفۆرمەکەدا هاتووە: " ئێمە دەخوازین ژنان لە هەموو کومیتەکانی تەشکیلاتدا بەشدار بن و لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا لانیکەمی سەهمێک بۆ ژنان لە بەرِ چاو بگیریٚ." من یەک شت لەم بارەیەوە دەڵێم. ئەویش ئەوەیە ئایا مێعیار دەبیٚ ژن و پیاو بێت یان دەبیٚ توانایی و لیاقەت و لێزانین و سەتحی زانیاری بیٚ؟ ئایا ئەوە دروستە کە پیاوێک کە هاتوو لە زەمینەیەکدا تواناتر بوو بە هۆی ئەوەی کە ژنێک لە ناو ئەو ئورگانەدا نیە لای بەی و ژنەکە دانێی؟

**بواری دێموکراسی ناوخۆیی**

دیموکراسی ڕەوشێکی دیاریکراوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی نادیار، بە پێی ئەم ڕەوشە حکومەت بە بیٚ خوێنرێژی یان قسەی ناخۆش و بە بیٚ ئالۆز کردنی وەزعێک کە تێیدا جێگری و لە رێگای هەڵبژاردنەوە ئالوگۆر دەکریٚ، ئازادی کەمایەتی و نارازییان بۆ هەمیشە مسۆگەر دەکریٚ، خاوەن ڕایانی جیاواز، ڕای

بەدیل دەخەنە بەر چاو. ئەگەر توانیان خەڵک بە قەناعەت بگەیێنن ئەوە دەتوانن بە پشت بەشتن بە ڕای ئەو خەڵکە گۆرانکاریەکان پێک بێنن.

سەر دێڕی لاپەرەی 6 بەوە دەست پێ دەکات کە" ... ئێمە بروامان بەوەیە کە پەرەدان بە دیموکراسی ناوخۆیی لە ئێستای حیزبی ئێمەدا پێویستییەکەی هەنووکەیی و گرینگە بۆ گەشەکردنی رێکخراوەکەمان، جەماوەریکردنەوەی و بۆ دوورکەوتنەوەی زیاتر لە حالەتی سێکت و فیرقە."

یەکەم پرسیار کە دێتە گۆرێ ئەوەیە کە ئێوە هاوڕێیانی کەمینە چۆن دیموکراسی مانا دەکەنەوە؟ دووەم بنەما دیموکراسیەکان بە لای ئێوەوە چین؟ ئایا ئەوە دیموکراسی کە پیش هەلبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی 11 بەرپرسی کومیتەی سکاندیناوی کاک هێرش علیزادە و کاک سعید سرهنگی و کاک ناسر حیسامی ئەندامی کومیتە ناوەندی بێن بۆ نۆرویژ و چاویان تەنیا بە چەند کەسێکی تایبەت کەوێ و لە لای چەند کەسێکیان بلێن هاتووین بۆ یارمەتی کۆکردنەوە بۆ رۆژهەلات تی ڤی ( ئەوە لە حالێکدا بووە کە کومیتەی نۆرویژیان ئاگادار نەکردبۆوە کە دەیانەوێ بێن بۆ یارمەتی کۆکردنەوە ) و لە لای چەند کەسێکیشیان بلێن ئەگەر لە کۆنگرە هیچمان بۆ نەکرێ فراکسیۆن رادەگەیێنین؟ ( گوزارشی بختیار بلوری بۆ کومیتەی نۆرویژ کە لەو کۆبونەوەیەدا بەشدار ببوو. ) ئایا ئەوە دیمۆکراسیە کە چەند رۆژ پێش کۆنگرە جزوەیەک بە نێوی "چون خۆمان بۆ کۆنگرە ئامادەکەین" لە ناو هێندێک لە ئەندامان کە خۆیان پێیان وایە وەک ئەوان بیر دەکەنەوە! بلاو بکرێتەوە و کەسی دیکەش بۆی نەبێ کە چاوی پێبکەوێ؟ هەر لەم دێرەدا چاومان بەو چەند ووشەیە دەکەوێ کە"... گرینگە بۆ گەشەکردنی رێکخراوەکەمان، جەماوەریکردنەوەی..." ئایا بەم جۆرە دەمانەوێ کۆمەڵە جەماوەر کەینەوە؟ رێگای گەشەی کۆمەڵە بەم شێوەیەیە کە ئێوە لە کردەوەی خۆتان دا بۆی تێدەکۆشن؟ ئەوەیە گرینگی چۆن بیرۆکەکەتان؟ ئەوەیە ئەم دیموکراسیەی کە دەتانەوێ لە ناو کۆمەڵە و ئەندامان دا پیادەی کەن و بیکەنە پێیرەوی ناوخۆ؟ ئاخە کاتێک کە خۆت بە کردەوە نیشانت داوە کە باوەرەت بە دیموکراسی نیە چون ئەندامان بێنە پشتت؟ کاتێک کە خۆت هیچ بنەمایەکی دیموکراسی پەیرەو ناکەی چۆن بانگەوازی بۆ دەکەی؟ یان دەبێ مانای دیموکراسی لای ئێوە بە جۆرێکیتر بێت یان ئێمە لە دیموکراسی حالی نین. قسە زۆرە لە سەر ئەو بابەتە بەڵام هەموو ئەوانیکە جێ دێلم و دەچمە سەر ئەم دێرەی کە لە خوار لاپەرەکەوە هاتووە و دەڵێ "... حیزبێک دەتوانێ هاوکات لە گەڵ ئەوە کە گەورە و جەماوەرییە، بە دیسیپلین و چالاک و کاراش بێ کە هەموو ئەندامان و کادرەکانی هەست بە هاوپشتی، دیموکراسی تەواو، ئەمنیەت و رێزلێنان و وەفای زۆر بکەن." یەک نموونە بێنمەوە کە عەمەلەن نیشان بدرێ لە عەمەل دا ئەو قسەیە هێندێک لەو کەسانەی کە خۆیان داوە پال ئەم پلاتفۆرمە وا نیە. سالی 2006 کەسێک لە نۆرویژ داوای ئەندامەتی کرد بوو کە کومیتەی نۆرویژ رای مەنفی سەبارەت بەو کەسە دا. کومیتەی سکاندیناوی سوور بوو لە سەر ئەوەی کە ئەندامیەتی پێ بدرێ. دواتر کومیتەی نۆرویژ بە بەڵگەوە نیشانی دا کە ئەو کەسە موعتادە. دواتر هەر ئەو کەسەی کە داوای ئەندامیەتی کرد بوو هەر ئەو بەڵگەی کە درا بوو بە کومیتەی سکاندیناوی. هێنابوویەوە بۆ کومیتەی نۆرویژ! سەیر نیە!؟ ئەوە ئەمنیەت و وەفا و هاوپشتیە لە ئەندامان و کادرەکان؟! لە ناو ئەم حیزبەدا تاکەکان کە لە درێژەی دێری سەرەوەدا هاتووە چۆن هەست بە سەربەرزی و ئازادەگی بکەن؟ دواتر من چون پشیوانی لە کاک ناسر حسامی بکەم کە لە کونفرانسی 2005 ئەندامانی نۆرویژ لە دیفاع لە وتارێکی کە سەبارت بە کاک حسن خەیێر وکاک سید برایمی علیزادە نووسیبووی، ووتی من بۆیە جنێو بە وان دەدەم کە خەڵکیش لێم فێر بن و جنێویان پێ بدەن! ئەوە لە حالێکدا بوو کە کاتێک کاک حسن خییر جنێوی بە کاک ناسر دا و وویستی کەسایەتی ئە بێ حورمەت کا، دفتر سیاسی دیفاعی لە

کاک ناسر کرد و هەڵوێستی گرت و پشتیوانی لە کاک ناسر کرد. کەی ئەم جۆرە کردەوانە لە کۆمەڵەدا باو بووە و ئێمە ئاگامان لێی نەبووە. ئەو جۆرەی کە دیارە، مەبەست لە چاکسازی لە ناو حیزب دا بە شێوەی خۆیانە و بەو جۆرەی کە خۆیان چاکسازی مانا دەکەنەوە دەیانەوە لە کۆمەڵە دا چاکسازی بکرێ!؟

هەوڵ بدەین کە دیموکراسی بە کردەوە پیادە کەین نە بە شوعاردان. ئێمە بە قوڵی کارمان بۆ زاخاودانی ئەندامان بە باوەڕی دیموکراسی نەکردوە کە هێزێکی دیموکراسی وا دروستبکات، لە نێو حیزبمان دا ببێتە هۆی چەسپاندنی کەلتورێکی دیموکراسی لە کۆتاییدا. ژێر خانی زاراوەیی دیموکراسیەت، پشتخانە فیکریەکانی لای ئێمە بە ئەندازەیەک لاوازە، هێشتا ئەو چەکە سەرەتاییانەی نەبەخشیوە بە ئێمە، کە بتوانین دتاردەکانی کەلتووری فاشی و دژە دیموکراسی لە گەل کەلتووری دیموکراسیدا جیابکەینەوە.

ئەوە بە کردەوەی یەک ساڵو نیوەی هاورێیانی کەمینەدا دیارە و ئێستاشی لە گەل بێت، لە کۆبوونەوەکاندا بە جۆرێک قسە دەکەن و لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان و نوسراوەکان بە جۆرێکی کە قسە دەکەن و هێندێک لە هاورێیانی کەمینە پشت دەبەستن بە هێندێک زانیاری کە  هاورێیانی دیکە ئاگاداری نیین و دەیانەوێ بەم جۆرە گومان بخەنە سەر کەسایەتی و هاورێیانی تر.

 ئەوە رێگایی گشەکردن و یەکگرتووی نیە. ئەوە رێگایی تێکدەری و هەڵاواردنە. ئەوە رێگایەکە کە هیچ کات بەرەو پێش ناچێت و هەمووکات بەرەو دواوە دەگەرێتەوە. ئەوە لە ماوەی ئەم یەک ساڵ ونیوە دا بە روونی دیتوومانە.

شتێکی دیکە کە جێی سرنج و بیر کردنەوەیە  ئەوەیە کە لەم لاپەرەیەدا زۆر جار چاومان بە ووشەی جەماوەر بوونی کۆمەڵە دەکەوێت و هاورێیانی کەمینە باس لەوە دەکەن کە کۆمەڵە جەماوەر بێت. بەڵام لە هیچ شونێک لەم باس و پلاتفۆرمەدا روونیان نەکردۆتەوە کە مەبەست لە جەماوەر بوونی کۆمەڵە چیە؟ چ رێگایەک پێشنیار دەکەن بۆ جەماوەر بوونی کۆمەڵە؟ بەرنامەو پیلانیان بۆ جەماوەر بوونی کۆمەڵە چیە؟ هیچ شتێکی روون دیار نیە لەم لاپەرەیەدا.

 لە لاپەرەی 7 دا باسەکە دەچێتە سەر بواری سیاسی. ئەگەر بێخۆێنینەوە بە روونی دیار نیە کە مەبەستیان چیە. چۆن سۆسیالیزمێکی دێمۆکرات مانا دەکەنەوە؟ لایەنگرانی کەمینە بە تایبەت لە مەڵبەندی سکاندیناوی هەول بۆ سۆسیال دێموکراسی دەدەن و هەموو کارەکانی خۆیان دەخەنە ئەو چوار چێوەیەوە بە بێ ئەوەی تا ئێستاکە تەعریفێک و پێناسەیەک لە سۆسیال دێموکراسی روون کەنەوە. بەڵام لە پلاتفۆرمەکەدا وەها هێناویانەتە گۆرێ کە هێندێک کەس رازی کەن کە بەڵێ لە ناو پلاتفۆرمەکەدا قسەی ئێوەشمان هێناوە. ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی کورت لە سۆسیال دێموکراسی بکەن بەراستی دەبێ بگەرێینەوە بۆ ساڵەکانی 60. شەکەستی سالی 60 و روخانی نیزام و سیاسەتەکانی سۆسیالیستی، گۆرانکاری گەورە و کار سازی ئەم سێ دەیەی ئاخری لانی کەم لە زەمینەی نەزەری بەخۆوە گرت، بەڵام هێشتا هێندێک تێگەیشتن و مانا و مەفهوومی نوێ و تازە باس کراویان نەخستۆتە روو. لەم جبەیەدا تێکەلاوێک لە پۆپۆلیزمی رابردوو وماناهایەکی کۆپی کراو لە پرۆگرامی سۆسیال دێموکراتەکانی ئۆروپای غەربی بیری زاڵ بەسەریان دا دیارە.

قەیران لە ئابووری سەرمایەداری ئازاد دا کە چونە سەرووەی بێکاری، دابەزینی نرخی بەشی کۆمپانیەکان و سەرمایەداری دەرەکی بوو، بزاڤی بەرچاوی نزامی سەرمایەداری بە دوای خۆی دا هێنا و بو چونە سەرەوەی کار کردن و چارەسەری قەیرانی رکود دەستیان دایە کارێکی ئابووری.

به دوای شەڕی جیهانی دووەم، دەوڵەت وەک ڕێکخەری سەرمایەداری تا ڕادەیەک هاتە جێی مکانیزمی بازاری ئازاد و کۆنترۆلی ئابووری و بەرنامە دارێژی. بە هێندێک پلەی جۆراجۆر بنای سەرمایەداری دەوڵەتی رفاهی پێک هێناوە. لە بواری تئۆریەوە دروست کردنی دەوڵەتی رفاهی لە رۆژئاوادا دەبێ لە ریزی تەوەری سۆسیال دێموکراسی تۆژینەوە بکرێ. لە راستیدا دەستەواژەی سۆسیال دێموکراسی لە سەرەتا دا لە پەیوەندی لە گەل بزوتنەوەی سیاسی چینی کرێکار لە ئۆروپا بە کار دەهێندرا. مەبەستی یەکەم لەو هەوڵ دان بۆ چاکسازی سیاسی و کۆمەلایەتی ئابووری لە نێو نزامەکانی لیبرالی بە شێوەیەکی گشتی بوو. سۆسیال دێموکراسی لە راستیدا چارەسەرێک بۆ نەخوشیەکانی لیبرالیسم دەژمێردرا.

مارکس و ئێنگلس چەمکێکی شۆرشگێرانەیان بۆ دادەنا. لە دوای شەری جیهانی یەکەم سۆسیال دێموکراسی شێوازی شورشگێرانەی خۆی لە دەست دا و بە تەواوی ناشۆڕشگێڕانە و رفۆرم خوازی بە خۆوە گرت. لە راستی دا سۆسیال دیمۆکراسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستوم هاتە گۆرێ کە لەم دەورەیەدا دەوڵەت بۆ پێش گرتن لە ئیعترازەکان و شۆڕشەکانی لە ناو خەڵک، لە باری ئابووریەدا دەستێوەردانێکی کرد. سۆسیال دێموکراسی ئێستاکە بۆیە خۆی نیشان داوە بە تایبەت لە وڵاتانی ئوروپایی رۆژ ئاوا و بە تایبەت لە مەڵبەندی سکاندیناوی کە دەوڵەت بتوانێ پێش بە گرتنی ئیعترازە مەدەنیەکان و شورشەکان لە ناو خەڵکی ئەم ولاتەدا بگرێ و لە بواری ئابووریەوە گۆرانکاری پێک بێنێت.

ئێستا ئەگەر هاورێیانی کەمینە بیانەوە ئەم پرۆگرامە بچەسبێنن دەبێ مێژووی سۆسیال دێموکراسی باس کەن. دەبێ باس لە لیبرالیسم کەین. دەبێ باس لە لیبراڵ دێموکراسی کەین و پەیوەندی لیبراڵ دێموکراسی لە گەڵ سۆسیال دێموکراسی کەن و لە کوێ دا جیاوازن و لە کوێ دا خاڵی هاوبەشیان هەیە و بۆ سۆسیال دێموکراسیت دەوێ و بۆ لیبراڵ دێموکراسی رەد دەکەیەوە... . دەبێ ئەو وڵاتانی کە سۆسیال دێموکراسی تێدا بەرێوە دەچێ باسی لێ بکەن و کە چۆن گەیشتوون بە سۆسیال دێموکراسی و چون پیادەیان کردوە. دەبێ باس لەوە کەن کە کۆمەڵگای ئێران چەندە ئامادەیە بۆ ئەم باسە ، بۆ ئەم کارە. تا چەندە دەتوانێ سەرکەوتوو بێ. چون لە گەڵ کۆمەڵگای کوردستان دەیگونجێنی و بەرنامەت بۆی چیە و... .

ئەوە رخنەی من بوو لە هاورێیانی کەمینە. هیوادارم بە دڵێکی ئاواڵە لێمی وەرگرن و هەوڵ بدەین کە لە جەوێکی دۆستانەدا بیر و راکانمان باس کەین و بتوانین باشتر لە یەکتر تێبگەیێنین.

بە سپاسەوە.

مەنسوور سۆفی 2007/5/18